

## سۆزی عەشقێکی بریندار !

– –
ـ شێروان مەخموری ـ (بێ دڵ )

کەشەو نانووم
ڕق ئەستوورم
شەو دەستباری لێگرتومە
وەك گوڵێکی
هێرۆ ڕواو
لەسەر گەڵای خۆم مردوومە
بووکی هوما
تۆی ئاسمانی ئەرخوانیم
ئەوینی پاك
ڕۆژانی عەشقی سەرکانیم
ناتوانم هیچ
لە بیرت کەم
تۆی ڕێڕەوەی شادومانیم
گەر نێ یەوە
چاوەڕوانی بەهار ناکەم
گەر نێ یەوە
ووشك دەبم چرۆ ناکەم
ژانەکانم
سوێی ئازاری دووریتە
هەردەم دەنگی
نوساوی من
سۆزی دووری و غەریبی تە
چۆن دڵت دێت
بەناسۆری بەجێم بێڵی
ئاواتەکانم
پێشێل کەیت
چۆن دڵت دێت عەشقی پاکم
لەبیر بکەیت
چۆن دڵت دێت بەجێم بێڵی و

ماڵ ئاواییشم لێنەکەیت !!